# سەردانو پێشوازی

* كاتژمێری ١١ی ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٥ هەڤاڵ سكرتێری حیزب لە بارەگای مەكتەبی سیاسی پێشوازی لە بەڕێز (عەبدولباقی یوسف) ئەندامی لیژنەی سیاسی پارتی یەكێتی كورد لە سوریا كرد، لە دیدارێكی دۆستانەدا باس لە ڕەوشی ئەمڕۆی كوردستانو پەیوەندی نێوان هەردوولا كرا.

*كاتژمێر ١١ی ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/٧ بەڕێز عیرفان كەركوكی سەرۆكی پارتی گەلی توركمان، سەردانی بارەگای مەكتەبی سیاسی حزبمان، حزبی ڕزگاری كوردستانی كردو بە گەرمیەوە پێشوازی لێكرا. لەدیدارێكی دۆستانەدا كە هەڤاڵ ڕێكار ئەحمەد، سكرتێری گشتی حیزب تێیدا ئامادەبوو، باس لە ڕەوشی ئێستای كوردستان بەگشتیو ڕەوشی پارێزگای كەركوك بەتایبەتی كرا.

هەلاردوولا سەبارەت بەدواخستنی مادەی ٥٨ی یاسای ئیدارەی كاتی، نیگەرانیان دەربڕی و هیوایان خواست كەلایەنە پەیوەندیدارەكان پەلە لە ئاسایی كردنەوەی بارودۆخی پارێزگای كەركوك بكەن، ئاسەواری ئەو سیاسەتە ڕەگەز پەرستیە بسڕنەوە كە ڕژێمی بەعس دەرهەق بە دانیشتوانی شارەكە ئەنجامی دابوو.

*كاتژمێر ١١,٣٠ی ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٠ هەڤاڵ ڕێكار ئەحمەد، سكرتێری گشتی حیزب بەیاوەری هەڤاڵ عومەر حەسەن كارگێری (م.س) و هەڤاڵ هەژار زراری بەرپرسی كۆمیتەی پارێزگای هەولێری حیزب، سەردانی مەكتەبی پەیوەندییەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانیان كرد. لەلایەن مامۆستا گۆران بەرپرسی مەكتەبو ژمارەیەك لە ئەندامانی مەكتەب بەگەرمیەوە پێشوازییان لێكرا.

لە دانیشتنێكی برایانەدا باس لە ئاساییكردنەوەی پەیوەندی نێوان هەردوولاو ڕەوشی هەنووكەیی كوردستان كرا. شاندی حزبمان هیوایان خواست كە پەیوەندی نێوان ڕزگاری و پارتی دیموكرات ئاسایی بكرێتەوە، و گەشەی پێبدرێتەوە، برایانی پارتی خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و دووپاتی گرنگی پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسیەكانی كوردستانیان كردەوەوە. هەروەها شاندی ڕزگاری سوپاسی لایەنی بەرانبەری كردو گەشبینی خۆی پێشاندا.

*ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٠ هەڤاڵ ڕێكار ئەحمەد بەیاوەری هەڤاڵ هەژار زراری سەردانی بارەگای (م.س) ی حزبی بێت نەهرێنی دیموكراتی كرد، لەلایەن ڕێزدار (ڕۆمیۆ هەكاری) سكرتێری گشتی و ژمارەیەك لە ئەندامانی سەركردایەتی بەگەرمیەوە پێشوازی لیكرا.

لە كۆبوونەوەیەكی دوو قوڵیدا باسی لەڕەوشی هەنووكەیی كوردستان و ڕەشنووسی دەستووری عێراق كرا. هەردوولایەن سەبارەت بەجێگیر نەكردنی تەواوی ماف و خواستەكانی نەتەوەی كوردو ئاشوری مافی چارەنووس لەو ڕەشنووسەدا ڕەخنەیان گرت. هەردوو لایەن جەختیان لەسەر پەیوەندی نێوان ڕزگاری و بێت نەهرێن كردەوەو داواشیان كرد كە لە داهاتوودا هاوكاری و هاوئاهەنگی نێوان زیاتر پەرە پێبدەن.

*سەعات ١١,٣٠ی ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١١ هەڤاڵ ڕێكار ئەحمەد بەیاوەری هەڤاڵ هەژار زراری سەردانی بەڕێز غەفوور مەخموری سكرتێری گشتی یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستانی كرد. لە دانیشتنێكی برایانەدا باس لە قوڵكردنەوەی پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەكانی كوردستان كرا.

هەردوولایەن سەبارەت بەڕەوشی هەنووكەیی كوردستان و ڕەشنووسی دەستووری عێراق هاوڕامان بوون و هیوایان خواست كە ئەو كێماسیانە بەزوویی پڕ بكرێنەوە و لە دەستووری هەرێمی كوردستاندا چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

*سەعات ١٠,٣٠ی ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٧ شاندێكی حزبمان كە پێكهاتبوو لە هەڤاڵ ڕێكار ئەحمەد، سكرتێری حزب و (عومەر حەسەن و ئەمیر حاجی محەمەد) ئەندامانی (م.س) سەردانی بارەگای مەكتەبی پەیوەندییەكانی كوردستانی (ی.ن.ك)ی كرد. لەلایەن بەڕێز ئیسماعیل مەحمود بەرپرسی مەكتەب و ژمارەیەك لە ئەندامانی مەكتەب بەگەرمییەوە پێشوازییان لێكرا. لە دانیشتنێكی برایانەدا باس لە ڕەوشی كوردستان و ڕەشنووسی دەستووری عێراق و پەیوەندی نێوان هەردوولایەن كرا. هەردوو لایەن دەست خۆشییان لە شاندی كوردستان كرد بۆ بەشدار بوونیان لەدانوستاندن و بەرهەم هێنانی ئەو ڕەشنووسە، هەردوولایان جەختیان كردەوە كە ئەم ڕەشنووسە كێماسی و كەلێنی زۆری تیایە، بەڵام بۆ ئەم قۆناغە دەستكەوتێكی باشەو پێویستە هەوڵی جدی بۆ بدرێت.

*ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/٢٠ هەڤاڵ ڕێكار ئەحمەد سكرتێری حزب، هەڤاڵ (عومەر حەسەن) كارگێری (م.س)و هەڤاڵان (هۆشیار عەبدولرەحمان و ئەمیر حاجی محەمەد) ئەندامانی (م.س) و هەڤاڵ (كەژاڵ عەلی) ئەندامی (ك.ن) پێشوازییان لە شاندێكی پارتی نەتەوەیی كوردستان كرد كە پێكهاتبوو لە بەڕێزان (جەبار میرزا ڕۆستەمی، سكرتێر، و حاكم چیا) ئەندامی (م.س) هەڤاڵ خالید ئەندامی سەركردایەتی. لە دانیشتنێكی برایانەدا باس لە ڕەوشی هەنووكەیی كوردستان، ڕەشنووسی دەستووری عێراق و مەسەلەی راپرسی لەسەر دەستوور و هاوهەنگی كردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەكان كرا، هەردوو لایەن جەختیان لەسەر هاوهەڵوێستی لایەنە سیاسیەكانی كوردستان لە بەرانبەر حكومەتی بەغدا و چۆنیەتی ڕەفتاركردن لەگەڵیدا كردەوە.

# چەمكە نوێكانی زانستی سیاسەت

## كتاب: بنیادهای علم سیاسەت

نووسەر: عبدالرحمن عالم
وەرگێڕ: ئەمیر حاجی موحەمەد

( بەشی یەكەم )

خوێندنەوە سیاسیەكان لە خوێندنەوە دێرینەكانی مرۆڤەو زانستی سیاسەتیش لەنێوان زانستە جودا بووەكان لە فەلسەفەوە پێشینەی زۆرتری هەیە. بەڵام ئەم زانستە تاكۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەشێوەی گشتی لە سنوری توێژینەوە لەسەر دامەزراوەكاندا قەتیس مابووەوە و بەشێوازی وەرگر (اقتباس) كاری دەكرد. لە سەرەتای سەدەی بیستەم، لە ئەنجامی پێشكەوتنی زانستی – كۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی ئەندێشەكان، شێوازە نوێكان، یەكە تازەكانی شیكردنەوە، چەمكە نوێكانی زانستی سیاسەت برەوی پەیداكرد. گریمانە نوێكان چەكەرەی كردو هاتە كایەوە و توێژینەوەی زانستی سیاسەت ئاراستەی تازەی پەیداكرد.

هەموو لەو بڕوایەدا بوون كە بەدوادا چوونەوە سیاسییەكان دەبێ لەگەڵ كرداری سیاسیدا، كە بنەمای گۆڕانی بیردۆزە سیاسیە نوێكان لەسەر دامەزراوەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەكتردا هەبێت. جا لەبەرئەمە زۆربەی لایەنگرانی بیردۆزە سیاسیە نوێكان تەنانەت زانستی سیاسەتیش مۆركی ئەمەریكایان پێوەنرا. زانستی سیاسەت چەمكە تازەكانی خۆی لە بەشەكانی وەك كۆمەڵناسی، زیندەوەرناسی و زاستە كۆمەڵایەتیو سروشتیەكانەوە بەچنگ هێناوە.

هەندێ لەم چەمكانە بریتین لە: دەسەڵات، دەسەڵاتی مەشروع (اقتدار)، مەشروعیەت، نوێ سازی، فەرهەنگی سیاسی، و چڕاكی بوونی سیاسی، گەشەسەندنی سیاسی، بزواندنی كۆمەڵایەتی و ئەمانە فەلسەفەی ئەم زانستە پێكدێنن. یەكێ لە چەمكە بنچینەییەكانی زانستی سیاسەت ئایدۆلۆژیەكە دەبێ بخرێتە بەر باس و لێكۆڵینەوە.

١–ئایدۆلۆژی:

زۆربەی زانا سیاسیو كۆمەڵایەتییەكان سەبارەت بە پێناسەی وردو مانای زاراوەی ئایدۆلۆژی بیروبۆچوونی زۆر جیاوازیان هەیە، بەڵام گرنگییەكەی لە زانستی سیاسەت و زانستی كۆمەڵایەتیش بەشێوەی گشتی پەسەندكراوە.

ئایدۆلۆژی لایەنی هەستیارو یەكلاكەرەوەی سیاسەتە و لە تێگەیشتنی ڕاستیەكان، پەیكەل كاری زەین لەگەڵ واقیعیەتدا و بەهادان بەڕاستیەكان پێك هاتووە، وەك جۆرێ پلان بۆ هەڵبژاردنی بۆ شێوازو ڕاڤەی سیاسەت كاردەكات. لەم ڕووەوە ئایدۆلۆژی كاری سیاسی ڕێنمایی دەكات، پشتگیری بەدی دێنێ و جێبەجێ دەكات و لەهەمان كاتدا وەك گەورەترین هێزی بزوێنەری كاری سیاسی جەماوەر بەكار دێت. ئایدۆلۆژی لە پێشترین ڕاپەڕێنەری لایەنی سیاسەتە. بێ ئایدۆلۆژی سیاسەتیش ئایدۆلۆژی نیە.

ڕابەرە سیاسیەكان بەشێوەی ئاسایی خاوەن بۆ چوونێكن كە بۆ ڕونكردنەوە ڕابەری و یاسایی كردنی كردارەكانی حكومەت بەكاری دێنن. بەبڕوای (دال) ئەم جۆرە زۆربەی ئەو بۆچوونانە ناوی ئایدۆلۆژی سیاسی لێدەنێن. (موسكا) ئەو بۆچوونانەی بە (فۆرمۆلی سیاسی) ناوبردووە. هۆی هەوڵدانی ڕابەرە سیاسییەكان بۆ سازدانی ئایدۆلۆژی زۆر سادەیە. ئەوانە دەیانەوێ بەڕابەری مەشروعیەت ببەخشن، واتە بتوانن نفوزی سیاسی خۆیان لەبەردەم جەماوەردا جل و بەرگی یاسایی و مەشروع بوونی لێ بپۆشن. چونكە حكومەت كردن بەیارمەتی دەسەڵاتی مەشروع (اقتدار) بێگومان بە قازانجتر و كەم مەسرەفترە لە حكومەت كردن لەڕێگەی زۆرە ملێوە. ئایدۆلۆژی ڕابەرن، بە ئایدۆلۆژی ڕەسمی و فەرمانرەوا دەزانرێ كە بەشێوەی ئاسایی ڕۆحیەت، ڕەوشت، ڕاستیەكان و مەسەلە ڕەواكانیتری سستەم دیاری دەكات، بەگوتەی (دال): لە سیستەمی سیاسیدا كاتێ ئایدۆلۆژی لەلایەن خەڵكەوە بەگشتی پەسەندكرا ڕابەران هەم دەكەونە نێو كەوانەی ئەو بازنەوە و تیایدا زیندانی دەبن. بەجۆرێ كە تەنانەت كەمترین بەزاندنی هێڵی سووری یاساو ڕێساكانی ئەو ئایدۆلۆژیە مەترسی داماڵینی مەشروعیەتی ڕابەری ئەو ڕابەرە سیاسیانەی لەگەڵدا بێت.

زاراوەی ئایدۆلۆژی، دەمێ بەكاردەبرێ كە لەنێوان كۆمەڵی ئەندێشەدا پەیوەندی تەنگاتەنگ هەبێت. دەتوانرێ بگوترێ ئایدۆلۆژی نمونەی پەیوەندی بەهاو گریمانگە لێكە كە پەیوەندیە سیاسیەكان بەیەكەوە گرێ دەدات. ئایدۆلۆژییەكان ڕوونكەرەوە و ئاراستەكەری دابەشكردنی توانای سیاسین، و لە هەر شوێنێ كە ئایدۆلۆژی هەبێت، بگرەو بەردە و دژ بەیەكی سیاسی دەتوانرێ بەپێی بەها پەسەند كراوەكان چارەسەر بكرێت، بەڵام لە هەمان كاتدا گەر لەنێوان ئایدۆلۆژیە بەهێزەكاندا ناكۆكی پەیدا ببێ دەبێتە هۆی نائارامی و ناجێگیربوونی سیاسی.

وێڕای كارلێكەری توندی ئایدۆلۆژی لەسەر دیاردە سیاسی و كۆمەڵاتیەكان بەشێوەی گشتی، هێشتا چمكەكەی لەبەر باسو لێكۆڵینەوەی بەربڵاودایە. لێكۆڵینەوە دەربارەی مانا و پێناسەی ئایدۆلۆژی لە ڕوانگەی خواست و ئارەزووی ڕابەرەكانەوە لەویدا ئاشكرا دەبێت كە دەیانەوێ كارەكانی خۆیان ئاراستەبكەن یان بۆچوونی كەسانیتر لەكەدار و ڕسوا بكەن. واتە ئایدۆلۆژی یان بەمانای وەسف و تاریف و بەتانوپۆ داهاتن و ناساندن یان بەمانای هاندەر یان سووكایەتی كردن بەكار دێت. ئەم زاراوە بۆ لێكۆڵینەوەی بیروبارو ئەندێشەكان لە كۆتایی سەدەی هەژدەیەم لە فەرەنسا داهێنرا. حەزخوازی فەیلەسوفان بەخەریك بوون لێكۆڵینەوە باس كردن و جەدەل پایەی خاوەن شكۆیی و دەسەڵاتی (ناپلیپۆن بۆناپەرت) ی خستە بەردەم ڕەخنەی هەمیشەیی و جیاوازی بیروباوەڕی وەها ناپلیۆن بۆناپەرتی دامارگیر كرد كە بەگاڵتە جاریەوە ئەو جۆرە فەیلەسوفانەی (ئایدۆئۆلۆك) و فەلسەفە كانیشیانی بە (باسی تاریكی فەلسەفەی سەرەتایی) ناونا.

بەكاربردنی ئایدۆلۆژی بۆ سوكایەتی كردن بەكارهێنرا كە لەسەدەی نۆزدەیەم كە (ماركس) و (انگس) لە نوسراوەكانی خۆیاندا بەناوی ئایدۆلۆژی ئەڵمانی، كە هێگڵیە گەنجەكانیان بە ئایدۆلۆژیستەكانی ڕژێمی بورژوازی باس كرد. چونكە لایەنگرانی هێگڵ نەیتوانی خۆیان لە سنورداریەتی سروشتی فەلسەفەی هێگڵی، لەسەر بنەمای ئەندیەكان و ئاین پێكهاتبوون ڕەها بكەن. هەروەها بەكاربردنی ئایدۆلۆژی وەك ئەندێشەی یارمەتیدەر (كارڵ مانهایم) گشتاندی.

بەڵام تێڕامانی چینی دەسەڵاتدار بۆ بەكارهێناری ئایدۆلۆژی وەك سیفەتی ستەمێكی باوەڕ پێكردنی ئەندێشەكان یان شێوازەكانی هەست و ئاگایی لە بەدووچوونی بەرژەوەندی تەسك بینینیەوە، ئەم واژەیە مانای گشتگیرتری هەیە كە بۆ ئەو گروپانەی كە لایەنگیری بارودۆخی هەنوكەین یان شۆرشگێرانە كاركردن. یەك ئایدۆلۆژی لە واتادا بەشێكی تەكوزو هاوپەیوەندی ئەندێشەكانە كە دەربارەی ڕێكخراوی كۆمەڵایەتی – ئابوری و سیاسی كۆمەڵگەیە بەشێوەیەكی گشتی. ئایۆلۆژی خواست و ئامانجە بلندەكان دەگرێتەخۆ كە كۆمەڵگە بەپێویستی دەزانێ دەبێ پشتگیری بكات.

ئایدۆلۆژی لەسەر پایەی ڕاڤەكردنی ڕابووردوو ساز دەكرێ و هەنووكە ڕوون دەكاتەوە و وێنەیەك لە داهاتوو پێشكەش دەكات و ئامانج و سنورەكانی دەسەڵاتی سیاسی دیاری دەكات. ئایدۆلۆژی خۆی لەخۆیدا فەلسەفەیەك دەگرێتەخۆ كە سروشتی ئادەمیزاد، بەرنامەیەكی ئابوری كە شێوەی گونجاو و شایستەی بەرهەمهێنان و دابەشكردن پێشنیار و ڕادەسپێرێت، پێكهاتەی سیاسی لەبارو وشیار بۆ بەدواچوونەوە لەڕێگەی بەرنامەی ئابوری، خواست ئارەزووی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ڕوون دەكاتەوە.

ئایدلۆژی، لە ئەنجامی ئەم پێكهاتە تاقانەی نەخشەدانانو ئاری ڕاڤەی ڕاستیەكانی ڕابووردوو، ساماندەری دیاردەكانی ئێستا، و بەدیهێنەری هاندەری كاركردن، بۆیە پێویستە تایبەتمەندیگەلێكی هەبێت كە شێوەی ئەو ئایدۆلۆژیە دیاری بكات، گەرچی بەشێوەی گشتی لەگەڵ شێوازی ئەندێشە سیاسیەكانیتر، وەك فەلسەفەی سیاسی، بیردۆزی سیاسی یان مەكتەب و ئاین جیاوازی هەیە.

ئەمجا لەبەرئەمە هەر ئایدۆلۆژیەك هەندێ یان گشت ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەیە.

١–زۆربەی ئایدۆلۆژیەكان لە بارودۆخی نائاساییدا پەیدادەبن.

لەم ڕێگەیەوە، بە كەسانێ كۆمەك دەكات كە ئیمتیازە كۆمەڵایەتیەكانیان نیە تاكو ڕژێمی كە هەیە ڕەتیكاتەوە یان كۆمەك بە خاوەن ئیمتیازەكان دەكات تاكو ئیمتیازەكانی خۆیان ئاراستەبكەن. جا لەبەرئەمە، بێهودە نیە كە چینە دەسەڵاتدارەكان لە خولە نا ئۆقرەییە سیاسیو ئابوریەكان بەچاوی ترسەوە دەڕوانن. چونكە ئەم نائارامیە لەگەڵ پەیدابوونی گروپە ئایدۆلۆژیكی كەلە ڕەقەكاندا كە هەوڵی بەدیهاتنی شێوازە ئۆقرەییە تایبەتیە دڵخوازەكەی خۆیانن هاوڕێیە.

٢–ئایدۆلۆژی وەك ڕژێمی ڕونكەرەوەی ڕاستیەكان، گۆڕەپانی جۆربەجۆری هەیە و لەوانەیە كە لە فەلسەفەی (ئادەم سمیت) و كتابی (دەسی شاراوە)ی سەرچاوەی گرتبێ كە یاسایی خستنەڕوو و داخوازی (عرچ وگلب) لە ڕێكخەری پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان تاكو كۆنترۆڵی گشتی و بەڕێوەبەرایەتیە چالاكیە بەرهەمێنانەكانی سوسیالیزمی زانستی دەگرێتەبەر گۆڕەپانی دیاری كراوی یەك ئایدۆلۆژی دەتوانرێ لە واقعیەتەكان یان لە دیاردە گەلێك كە ئایدۆلۆیەكی تایبەت لە هەوڵی پێكەوە بەستنیانە ببیرنرێ، كە بیردۆزە گشتگیر وباش بە یەكەوە پێچراوەكانی ماركسیسم یان گریمانە شاراوە و بڵاوكراوەكانی لیبرالیسمی بورژوازی تیایدا شوێنی دەبێتەوە.

٣–ئایدۆلۆی نمونەی ڕێك و پێك كراوی ئەندێشە سیاسیەكان. گرنگترین ڕواڵەتی ئایدۆلۆژی ئەمەیە كە وەك بیردۆز، وەرگیراو لە واقیعیەتە و تەنیا بناغەترین توخمەكانی واقیعەت ڕاڤەو پرسیار دەكات و ڕونكردنەوە و گۆرانكاری لێ بەدی دێنێ.

٤–هەر ئایدۆلۆژیەك توخمە تاقیكراوەكانی واقیەت و ڕەفتارەكان دەكرێتە خۆی. توخمە تاقیكراوە واقیعیەتەكان، زۆربەیان لە تایبەتمەندیەكانی واقعیەتی كۆمەڵایەتی، سیاسی یان ئابوری دا بەدەست دێن، لەكاتێكدا توخمەكانی ڕەفتار و ڕی و ڕەوشتی یەك ئایدۆلۆژی بریتیە لە هەموو ئەو تایبەتمەندیە تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا كە نابینرێن بەڵام بەباشی دەزانین.

٥–زۆربەی ئایدۆلۆژیەكان لە خەسڵەتدا پاوان خوازو ڕەهاش و گشتین. هەر ڕژێمێكی ئایدۆلۆیكی بانگەشەی هاوئاهەنگی پاوانخوازیەكەی خۆی دەكات لەگەڵ مەسەلەكانو كێشەكانی سەردەم بەڵام دێری پێناچێت دەمامكی لا دەدرێ و مەبەستی ئاشكرا دەبێت. لە ئاكامدا بنەماكان و مەنتیق و دیالیكتەكەی خۆی بەكامڵ دەزانێ لەبەرانبەر چاكسازی و یەكتر قبوڵ كردندا قەرار ناگرێ. هەموو ئایدۆلۆژیەكان تایبەتمەندیەكی سەرەكی هاوبەشیان هەیە، ئەمەش ئەوەیە كە سەبارەت بە ئامانج و مەرام و مەبەستێ كە دەیانەوێ بەچنگی بێنن، سەنفونیایی گشتگیر بوونی پرۆگرامەكانیان ئەژەنن. بەم شێوەیە، حكومەتی لیبرال بورژوا كە سەرمایەدارەكان لایەنگیری لێ دەكەن، و دیكتاتۆری برۆلیتاری كە سوسیالیستەكان پشتگیری لێ دەكەن، لەلایەن بەرژەوەندیەكەوە كە بەخەیاڵی پێشكەشی ئەندامانی كۆمەڵكەی دەكەن بە توندی بەپێویست و گشتی دەزانن.

٦–ئایدۆلۆژی، ئالیەتێكی هاندەرییە بۆ وروژاندنی چالاكی و بەشداری كردنی ئەكتیڤی لایەنگرانە. گرنگی ئەم تایبەتمەندیەی ئایدۆلۆژی لەوەدایە كە دەسەڵاتی یەك ئایدۆلۆژی، نە لە بەڵگە ئەزمونەییەتی و نە لە مەنتیقەكەی بەڵكو لە توانای سروشت بەخشی ئەو ئایدولۆژیەیە كە پشتیوانی لە بیروباوەڕ و كاركردن كردووە.

٧–ئایدۆلۆژی، هەندێ جار دەیەوێ بەرەو كەسی بگۆڕی وەك باوەڕی ئاینی بگۆڕدرێ بە باوەڕێكی پیرۆز.

٨–ئایدۆلۆژی گەشەدەكات بەڵام لە بەرانبەر گۆرانكاریەكاندا بەرهەڵستكاری ئەكات.

ئایدۆلۆژی، بەهۆی پێكهاتەو گرنگیەكەی بۆ كۆمەڵگە، تایبەتكاریگەلێكی زۆر پڕباری لە ڕێكخستنی كۆمەڵگەدا هەیە، ئەم تایبەتكاریانەش بریتین لە:–

١–پێكهاتەناسیە بۆ كۆمەڵگە دیتن بەشێوەی گشتی. بەم ئەركەی، كە داراكان بۆ ڕوونكردنەوە و ئاراستەكردن و سامان بەخشی بە هەلومەرجێ كە لە ئارادایە بەهێز دەكات، لەم ڕووەوە، ئایدۆلۆژی ئامرازێكە بۆ بەدەست چینە فەرمانرەوەكانەوە بۆ تۆكمەكردن و جێگیر بوونی دەسەڵاتی حكومەت، و لەلایەكیترەوە ئایدۆلۆژی ئالیەتێكە لە دەست نەیارو دوژمنەكانی فەرمانرەواكانەوە بۆ ڕوخان یان گۆڕینی حكومەت.

٢–ئایدۆلۆژی یەك فۆرمۆلی فەرمانی بەدی دێنێ. ئایدۆلۆژی ڕێنمای كردەوە و دادوەری تاكە. ئەم ڕێنماییە دەبێ بە مەشروعیەت بەخشین بەكار كەسانی كە لە ناوەند دەسەڵاتداران ئەنجام بدرێت. چونكە دەسەڵات كاتێ لەگەڵ ئایدۆلۆژیدا هاوئاهەنگ دەبێت كە بگۆڕدرێ بە دەسەڵاتی مەشروع و بایەخ بداتە بەهاو ڕێ و ڕەوشتەكان و دەسەڵاتی كە لەسەر هەستكردن بەنیاز و پێداویست بگۆردرێ بە گوێڕایەڵەیی ئارەزوومەندانە.

٣–ئایدۆلۆژی وەك ئالیەتێكی بەڕێوەبردنی دژە بەیەكەمان بەدیهێنانی یەك پارچەیی كۆمەڵگەی بەكاردێت، چونكە سنوری بەها دیاری دەكات و شوێنگەلێك دەستنیشان دەكات كە لێیەوە ئەندامانی كۆمەڵ دەتوانن ڕاو بۆچوونە جیاوازەكان دەربڕن. قازانجی ئایدۆلۆژی وەك ئامرازی یەكپارچەبوون لە ڕەوەندی تۆكمەبەخشین بەدەسەڵاتی حكومەت پێشتر لە ڕەوەندی كۆمەڵایەتی بوون (اجتماعی شدن) بەشێوەی گشتی و كۆمەڵگەی سیاسی پەسەند كرادندا بەشێوەی تایبەت دەبینرێ، چونكە بە پەسەند زانینی كۆمەڵگەی سیاسی بە مانای بەربڵاوی شتێك نیە جگە لە گواستنەوەی ڕژێمی ئایدۆلۆژیكی تایبەت لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەتر نەبێت.

٤–زۆربەی كەس و گروپەكان، لایەنگری لەیەك ئایدۆلۆژی دەكەن بە مەبەستی بەكارهێنانی وەك ئامرازێ بۆ ناساندنیان. ئەم ئامرازە یارمەتی دەدات تاكو پێداویستە كەسیەتیە تایبەتەكان، لەڕێگای خۆپێوان و ڕەزامەندی كۆمەڵایەتی دەستبەر بكات.

٥–سەرئەنجام، یەكێ لە تایبەتكاریە گرنگەكان، و لەوانەیە كە گرنگترین تایبەتكاری ئایدۆلۆژی بێت ئەمەیە كە وەك هێزێكی بە توانا و پایەدار، لە بەڵێن و پەیمانە كەسیو كۆمەڵایەتیەكاندا بۆ كاركردن دژ بە یان لەگەڵ بوونی چینی دەسەڵاتداردا بەكاردێت.

گرنگی پێكهاتە و ڕۆڵ و تایبەتكاریەكانی ئایدۆلۆژی لە كۆمەڵگەكان دەماودەم بینراوە كە گروپە جۆربەجۆرەكان بەڵگەگەلێكیان خستوەتە ڕوو بۆ پەسەندكردنی ئایدۆلۆژیەكی نەتەوەیی تازە و لەم ڕێگەیەوە هەوڵ و تێكۆشانیان داوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەیی لەچوارچێوەی یەك ئایدۆلۆژیدا.